به بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان بووبووە هۆی ناساندنی دەست و قەڵەم و ناوی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووردا


فەرەیدوون ئەرشەدی
(ئەڵمانیا)


ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی تایبەتیی فەرهەنگی و هونەریدا دەژیا، پێستی دەوران درزی تێکەوتبوو، نەوەیەکی نوێی سەوداسەری نووسین و خوێندنەوە و داهێنانی ئەدەبی و هونەری سەری هەڵدابوو، بە چاوانی گەشەوە سەیری ئەو دنیا ئاڵۆزەی دەکرد .

باشووری کوردستان شڵەژابوو، خەڵکێکی زۆر پەڕیوەی سنوور بووبوون کە لەئوردووگا و لە شارەکانی لای ئێمە گیرسابوونەوە. لەنێو ئەوانەدا ئەدیب و هونەرمەند کەم نەبوون، زۆربەیان بەهیوای چوونە ئەورووپا لە شارەکانی لای ئێمە لەنگەریان گرتبوو.

جەوان بووم و چەند شیعر و وەرگێڕانێکم لە گۆڤارە تاقانەکەی ڕۆژهەڵات (سروە)دا بڵاو کرابوونەوە. ئێمە کۆمەڵێ گەنجی شیعر دۆست و لایەنگری ئەدەبیاتی کوردی بووین. ئەنجوومەنی ئەدەبیمان پێک هێنابوو، لە کۆڕی ئێوارە شیعرەکاندا بەرهەمەکانمان پێشکەش دەکرد. تینووی خوێندنەوە و زانین بووین. لەم شارەوە بۆ ئەو شار دەڕۆیشتین و لە گردی یەک کۆدەبووینەوە و قسەوباس و خەممان هەر شیعر و چیرۆک و زمانی کوردی بوو. هیچمان کتێبی چاپکراومان نەبوو. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەگەرمی بەپیر کۆڕ و کۆبوونەوە و شەوە شیعرەکانمانەوە دەهات، بەڵام دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەم هەر (سروە) بوو، لە تەک گۆڤارێک کە لە تاران دەردەچوو، نیوە فارسی و نیوەکەی دیکەی کوردی بوو.

ئەنجوومەنی ئەدەبی مەهاباد، کۆڕێکی بەرینی شیعر خوێندنەوەیان ڕێک خستبوو، ئێمەشیان لە شاری سنەوە بانگهێشت کردبوو، پاش تەواو بوونی شەوە شیعرەکە، لەماڵی یەکێ لە بەڕێوەبەرانی ئەو کارە مەزنە کۆبووینەوە، لەوێ چەند شاعیری باشووری کوردستانم ناسی کە دواتر بوو بە هۆکاری ئاشنا بوونم بە گۆڤاری «ڕامان». ئەوان بە باشی باسی شاعیرانی سنەیان دەکرد. ئەو کەسایەتیانە هەڤاڵ کوێستانی، جەوهەر کرمانج، حەمەی حەمەباقی بوون کە ئەو شەوە لە پاش ئەوەی خانەخوێ خەبەری داینێ کە قەرەباڵغییەکە زۆرە و مامۆستا شەریف حوسێن پەناهی ئێمەی بردەوە بۆ ماڵە خنجیلانەکەی خۆی، ئەوانەم لەوێ ناسی.

کاکە حەمــەی حەمەباقــی جاروبــار هاتوچــووی هەولێــری دەکــرد، جارێکیــان داوای لــێ کــردم یــەک دوو شــیعری بدەمــێ بیبــا بــۆ کاک ئــازاد عەبدولواحیــد، سەرنووســەری گۆڤــاری ڕامــان کــە لــە هەولێــر بڵاودەکــراوە، ئــەوە یەکــەم جاربــوو کــە نــاوی گۆڤــاری ڕامــان ببیســتم. دیــارە نــاو و بەرهەمــی کاک ئــازاد عەبدولواحیـدم بەهـۆی ڕوانگە ڕەخنەییەکەیــەوە ســەبارەت بــە شــێخ نووریــی شــێخ ســاڵح دیتبــوو . ئاشــنایەتی مــن و ڕامــان و کاک ئــازاد عەبدولواحیــد کــە دوو نــاوی بەســتراو بــە یەکــەوە بــوون ، لێــرەوە دەســتی پــێ کــرد.

لەوەبــەدوا هــەر لــە ڕێگــەی کاک (حەمــەی حەمەباقی)یــەوە، چەنــد بەرهەمێکــم بــۆ گۆڤــاری ڕامــان نــارد و پێشــوازی و پەیامــە دڵخۆشــکەرەکانی کاک ئــازاد عەبدولواحیــد کــە شیعرناســێکی لێــزان و کارامــە بــوو، زۆرتــر دڵگەرمــی دەکــردم بە بــەردەوام بوونــم لەســەر شــیعر نووســینەوە.

هــاوکات لــە گــەڵ مــن، دۆســتانی دیکــەی شــاعیر و چیرۆکنــووس و ڕەخنەگــر و توێــژەری ڕۆژهــەڵات، بــەردەوام بەرهەمەکانیــان لــە گۆڤــاری (ڕامــان)دا بــڵاو دەکرانــەوە. ڕامــان بووبــووە هــۆی ناســاندنی دەســت و قەڵــەم و نــاوی نووســەرانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لــە باشــوور.

ئــەم هەنــگاوە خــۆی لەخۆیــدا گرێدانــی خەیــاڵ و داهێنانــی ئەدەبــی و فەرهەنگــی دوو بەشــی دابــڕاوی وڵات بــوو.

ســاڵان هاتــن و ڕۆیشــتن، مــن بــە ناچــاری زێــدی خــۆم بەجــێ هیشــت و پەڕیــوەی دیــوی باشــوور بــووم. زســتانی ســاڵی ١٩٩٧ی زایینــی، هــاوڕێ لەگــەڵ بــرای شــاعیرم «پەرویــز زەبیــح غوڵامــی» کــە لــە ســنووری دەســتکرد ئاودیــو بوویــن، ڕەمــەزان بــوو، شــپرزە و مانــدوو، لــە ســلێمانی، لــە چێشــتخانەیەک کــە دەرگاکــەی بــە پــەردە داپۆشــراو نانێکمــان خــوارد و بــەرەو هەولێــر ڕۆیشــتین. دەمــەو ئێــوارە بــوو گەیشــتینە هەولێــر و لــە گــەراج بــە تاکســییەکمان وت بمانباتــە گۆڤــاری ڕامــان!

شــۆفێر (ڕامــان)ی نەدەناســی و ئادرەســی نەدەزانــی. پرســیاری کــرد و ســەرەنجام لەبــەردەم دەزگای گــوڵان دابیەزاندیــن. بــە پاســەوانی بەردەرکــەی وت ئــەم برادەرانــە کاریــان بــە گۆڤــاری (ڕامان)ــە. لــە ڕوانیــن و نــەزەری پاســەوانەکەوە فرەتــر تێگەیشــتین کــە چەنــدە شــپرزە و نارێــک و مانــدوویــن، تــا تێمــان گەیانــد شــاعیرین و لــە ڕۆژهەڵاتــەوە هاتوویــن، خەریــک بــوو قیــر ســپی بــێ. کەســێکی دەنــگ دا کــە وەرە بزانــە ئەمانــە کاریــان بــە کاک ئــازادە! جەوانێکمــان لێ هاتــە پێــش، وتمــان کاک ئــازاد عەبدولواحیدمــان دەوێ. کابــرا ســەیری ڕواڵەتــی تــۆزاوی و ڕیشــن و ماندوومانــی دەکــرد بــە دوو جانتــای بەشــانەوە، وتــی کاکــە ئێســتا ڕامــان کەســی لــێ نییــە، بــڕۆن ســبەینێ وەرنــەوە.

نەماندەزانــی ڕوو لــە کــوێ بکەیــن. زانیمــان دەبــێ بچینــە ئاســایش، ئیجــازەی مانــەوە وەربگریــن. بەرپرســی ئاســایش کــە زانــی ئێمــە نووســەرین و کاک ئــازاد عەبدولواحیــد و ڕامــان دەناســین، زۆری حورمــەت گرتیــن. ناردمانییــە هوتێلێــک. خۆمــان شووشــت و لــە شــەقامی باتــە دوو شــیش جگەرمــان خــوارد و گەڕاینــەوە و نووســتین. نووستنێکی خۆش. بەیانــی باوەشــی پــڕ میهــر و پێشــوازی و دڵنیگەرانــی کاک ئــازاد عەبدولواحیــد، هیلاکــی ڕێــگای لــە لــەش دەرکردیــن. هــەر لەوێــش بــە دیــداری ئەنوەر مەســیفی و نــەوزاد ڕەفعــەت و ســەباح ڕەنجــدەر و ســەرکەوت وەلــی شــاد بوویــن، ســەیر ئــەوە بــوو، ئــەوان ئێمەیــان بەهــۆی بەرهەمەکانمانــەوە زۆر بەباشــی دەناســی.

پێشــوازییە گەرمەکــەی کاک ئــازاد عەبدولواحیــد، تینــی وەبــەر هێنایــنــەوە. نامەیەکــی بەنــاوی گۆڤــارەوە بــۆ بەرپرســی ئاسایشــی گشــتیی هەولێــر نووســی

کە ئـەم دوو کەسـە نووسـەرن و ئیقامەیـان بدەنـێ. هـەر لەوێـش داوامـان کـرد بەشـکوو کارێکمـان بـۆ ببینێتـەوە. کاک ئـازاد عەبدلواحیـد وتـی لەگـەڵ کاک سـەرۆ قـادر کـە ئـەودەم بەرپرسـی دەزگای گـوڵان بـوو، دیدارێکتـان بـۆ سـاز دەکـەم، ئـەو دەتوانـێ یارمەتیتـان بـدات.

لـە ئاسـایش ئیقامەیـان داینـێ. کاک ئـازاد عەبدولواحید ئێمـەی وەکوو دوو نووسـەر ناسـاندبوو، بۆمـان دەرکـەوت کـە گۆڤـاری ڕامـان لـە نێـو جەمـاوەردا چ سـەنگێکی هەیـە. بـە پشـت بەسـتن بـە متمانـەی ئـەوان، زۆریـان قـەدر گرتیـن، ئیتـر خەمـی مانـەوە لـە هوتێلمـان نەبـوو.

بێکاری و نـەداری تەنگی پێهەڵچنیبووین، دیداری کاک سـەرۆ قادریـش وەدرەنـگ کەوتبـوو. ئاوارەیـی و غوربـەت دەردێکـی کوشـندەیە، بەتایبـەت بـۆ نووسـەرانی دەسـتکورتی وەک ئێمـە. پارەمـان لـێ برابـوو، لـە عەنـکاوە ژوورێکمـان بـە کـرێ گرتبـوو، دەرەقەتـی کرێکـەی نەدەهاتیـن. یەکـەم ژمـارەی ڕامـان پـاش گەیشـتنی ئێمـە بـۆ هەولێـر بـە بڵاوکردنـەوەی شـیعری ئێمەشـەوە کەوتـە بـازاڕەوە. خەبەریـان پـێ دایـن کـە بچیـن بـۆ دەزگای گـوڵان بـۆ وەرگرتنـی پاداشـتی نووسینەکەمان، ئیتـر ئـەوە خۆشـترین خەبـەر بـوو بـۆ ئـەو کاتـەی ئێمـە، بەتایبـەت ئێسـتە دەزانـم کـە کاک ئـازاد حەقـی ئێمـەی کەمێک بەزیادەوە دەنووسی و وەزعەکەمانی لەبەرچـاو دەگـرت. خاڵـی گرینگـی سـەرنجڕاکێش ئەوەبـوو، یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد، لـەو ماوەیـەدا بـۆ ئێمـە لـە هەمـوو کونوقوژبنێـک لـە کار دەگـەڕا. وەزیـری ڕۆشـنبیری ئـەو کات، کاک (فەلەکەدیـن کاکەیی)مـان بینـی، مەهـدی خۆشـناوی سـەرۆکی یەکێتیـی نووسـەرانی لقی هەولێر و جێگری پارێزگای هەولێرمـان بینـی، (کـە داسـتانی دیدارەکەمـان نەقڵێکـی زۆر سەرنجڕاکێشـە و بـۆ نووسـین لێـرەدا نابـێ) هیـچ سـوودی نەبـوو، هـەر بـە حەقـی نووسـین لـە حەوتوونامـە و ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان دەژیایـن.

ڕۆژێـک کاک ئـازاد نـاردی بەدوامانـدا کـە سـبەینێ بچیـن سـەرۆ قـادر چاوەڕێمانـە. چوویـن، پیاوێکـی ڕۆشـنبیری ڕووخـۆش بـوو. زۆریشـی پێخـۆش بـوو کـە نیشـان بـدات فارسـی بـاش دەزانـێ و لـە تـەک ئەدەبیاتـی فارسـیدا نائاشـنا نییـە! لـە کار و ئەرکمانـی پرسـی . گێڕامانـەوە کـە چ کارە بوویـن و چـی دەزانیـن. وتـی دوو ڕۆژی دیکـە وەرن بـۆ پیرمـام بـۆ کوردسـتان تیڤـی کـە ئـەو دەم (سـەتەلایتی کوردسـتان)یان پـێ دەوت . مـن چـووم، کاک پەرویزی هاوڕێـم نەهـات، لـەوێ بـەدران ئەحمـەدم بینـی کـە دیـار بـوو بەرپرسـی سـەتەلایتە، مـن وەکـوو دەسـتەی پێکهێنـەری بەشـی منـداڵان دامـەزرام.

لـەم قۆناغـەدا، ڕامـان بـۆ مـن هـەم دەربیچـەی ناسـاندنی بەرهەمەکانـم بـە خوێنەرانـی باشـوور بـوو، هـەم ڕێگـەی کار و ژیـان و ئاشـنایی لـە تـەک شـاعیران و نووسـەرانی دیکـەی بـۆ کردمەوە. لـەو ماوەیـەدا جگـە لـە بـڵاو کردنـەوەی وەرگێـڕان و وتـار، هەنـدێ شـیعرم بـە نـاوی «نامەکانـی غوربـەت» لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا بڵاو دەکـردەوە. مـن هیـچ ئـاگام لـەوە نەبـوو کـە ڕامـان دەگاتـە کوردسـتانی لای ئێمـە و ئـەو شـیعرانەم دەکەوێتـە بەردەسـت خوێنەرانـی ئەدەبیاتـی جیـددی.

نەمدەزانـی کـە ئـەو شـیعرانەم کۆپـی دەکرێـن و دەست بەدەسـت دەڕوات و بـە یەکـێ لـە نموونەکانـی شـیعری وتـار و شـیعری تاراوگـە دێنـە ئەژمـار، ئەمـەش لەکاتێکـدا بـوو کـە ئـەو سـەردەمە نـە ئینتەرنێت هەبـوو، نـە مۆبایـل و ڕێگاکانـی مۆدێرنـی ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە. هـەر لـە ڕێگـەی گۆڤـاری (ڕامان)ـەوە بـوو کـە پێوەنـدی مـن و بەرهەمەکانـم لەگـەڵ خوێنـەران و دۆسـتانی شـاعیرم بـە بەرقـەراری مایـەوە.